# ئیرەیی دین بۆ هەژموونی زانست

وەلید عومەر

توێژەر لە بەشی توێژینەوەی ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر

# پوخته

ئەم باسە کورتە، بەراوردی دوو دیاردەی مرۆیی دەکات کە بریتیین لە دین و زانست، بەراوردەکە لەو ڕووەوەیە کە دین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی کۆنترە و زانست بەم فۆرمەی ئەمڕۆ نوێترە، بۆیە لێرەوە ململانێیەکی شاراوە لەسەر هەژموون درووستدەبێت و ئەم ململانێیەمان لە ڕەهەندە دەروونشیکارییەکەیدا وەرگرتووە کە «ئیرەیی»یە. ئیرەیی چەمکێک نیە بەپێی دەروونناسییە باوەکە گرژییەکی ناوەکی بێت، بەڵکو ڕێک و ڕاست شتێکی دەرەکییە و شەڕی هێزە، بەڵام هێزێکی نەرم و پەنهان کە زۆرجار بە هەژموون ناودەبرێت. میتۆدی باسەکە، وەسفی-هێرمۆنۆتیکییە و تۆمارکردنی کۆمەڵێک تێبینیی تیۆرییە لەسەری. بەدیاریکراوییش لەسەر ئەو دیاردەیە دەوەستێت کە لە تۆڕە مەجازییەکاندا(ئەنتەرنێت) بەناوی چەشنێک لە دینەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت و دەست بۆ کەرەستە زانستییەکان دەبرێت بەڵام بە نیەتێکی ئایدۆلۆژی و بەشێوەیەکی سادەکراوەش. خوداش لە کۆنەوە بۆ دونیای مۆدێرن، ڕۆڵی لە هاوسەنگیی هەژموندا هەبووە. دین و زانست هەردووک وەک دوو دەقی کۆمەڵایەتی وەرگیراون کە شایستەی خوێندنەوە و ڕاڤەن.

**وشە سەرەکییەکان: خودا، دین، زانست، ئیرەیی**

# دەروازەیەکی کورت: ئیرەیی لەنێوان خوا و مرۆڤدا

دیـدی ماتریالیسـتی لـە واتـا هەرەسـادەکەیدا واتـە, بینینـی دونیـا بـەو جـۆرەی لەخۆیـدا هەیـە. لێرەشـەوە, هیـچ دیاردەیـەک خورافـەی ڕووت نیـە و هیـچ دیاردەیەکـی تریـش عەقڵانیـەتی ڕووت نیـە. خورافـە و عەقڵانیـەت, دوو گەمـەی هـەردەم گـۆڕاوی نـاو ڕەوتی مێـژووی مرۆییـن. ڕەنگـە ئـەوەی لـە گۆشـەیەکەوە خورافـە دەرکەوێـت, لـە گۆشـەیەکی تـرەوە ببێتـە دیاردەیەکـی عەقڵانی. مێـژووی کـۆن تـا نـوێ, جۆرێکـە لـەم گۆشـەگۆڕینە. مەبەسـتەکە, ڕێژەییکردنـەوەی شـتەکان نیـە بەڵکـو ڕێژەییکردنـەوەی ئـەو باگراوەندەیـە وا شـتەکانی تیـا دەرسـکێت و هەڵدەکەوێـت. واتـە لەنـاو ئـەم باگراوەنـدە ڕێژەییـەدا, شـتەکان دەتوانـن لـە گۆشـەیەکی تایبەتـەوە ڕەها(موتڵـەق) دەرکـەون و فەنتازیای گرووپێکـی کۆمەڵایەتی و مرۆیـی ڕاگرێـت.

خـودا بەحوکمـی ئـەوەی ڕەهەندێکـی هێرمیونۆتیکیـی هەیـە, ئـەوا بوونیـشی هەبـووە. بۆیـە هـەردوو دیـوە باوەکـەی خـودا, ڕەوایەتیـی ڕاڤەیـی خـۆی هەیـە: خـودا هەیـە, چونکـە کاریگەریـی مانایـی هەیـە. خـودا نیـە, چونکـە نەبوونەکـەی خـۆی بەپێـی ژمارەیەکـی زۆری دەرکەوتـەی خـۆی پڕدەکاتـەوە. هەتـا لـە سـەرەتای فەلسـەفەی مۆدێرنـدا و لـە دەقێکـی وەک تێڕامانەکان(چەنـد وردبوونەوەیـەک لەبـارەی میتافیزیکەوە)ـی دیکارتـدا و بەپێـی ڕامـانی چوارەم هاتـووە: «مـن دەزانـم ناکرێ خـودا هەڵمخەڵەتێنێ, چونکـە هەمـوو هەڵخەڵەتانـدن و هەمـوو تەفرەدانێـک جۆرێکـە ناتـەواوەتی(و کەموکـووڕی)١». دیـکارت لـە زۆر شـوێنی تـری ئـەم دەقـەدا, لەگـەڵ پرسی خـودا تێهەڵدەچێـت تـا یەقینێکـی تـری جیـا لـە خـودا بسـەلمێنێت کـە مرۆڤـە. دیـکارت پێـش چەنـد سـەدەیەک پرسی خـودا بـە هەنـد وەردەگرێـت, تـا ترازانێکـی ناڕاسـتەوخۆ لـە بـاوەڕی سـەدەکانی ناوینـدا دروسـتکات. کێشـەی ئـەو سـەلماندنی خـودا نیـە

١-  چەند وردبوونەوەیەک لەبارەی میتافیزیکەوە, ڕێنێ دیکارت, و. حەمید عەزیز, ٢٠٠٥, ل٦٧

بە واتا ئەمرۆییەکەی, بەڵکو ژێستێکی فەلسەفییە تا سنورێکی فۆرماڵ لەنێوان خودا و مرۆڤدا بکێشێت, سنورێک کە چێژی خوایی و چێژی مرۆیی جیاکاتەوە و بەر لەوەش خودا وەک زامنی وجودیی مرۆڤ لەلایەکەوە دانێت(زامنێک کە خودا فریودەر نیە و بوونمان خەون نیە و تەنانەت من و خودا بە نێوانگریی یەکتر هەین و بنکێکی ئۆنتۆلۆژی و لۆژیکی بۆ کردەوەکانمان هەیە). باسەکە دیکارت نیە, دیکارتیش بەزەرووەرت بەرهەمی مێژووی خۆرهەڵات نیە, بۆیە ئەوەی لە بایەخی ئەو باسە دەمێنێتەوە بۆ ئێمە رەنگبێ بریتی بێت لەمە: خودا(وەک بنچینەییترین رەهەندی غەیبی), چەندە رێدەدات لەناو مێژوودا گۆڕانکارییە هزری و زانستی و ژیارییەکان تێکرا قبوڵکەین؟ دیکارت لە خۆرئاوا رێی بۆ لەدایکبوونی سوبێکت و مرۆی نوێ خۆشکرد, لەرێی تەرحکردنی خوداوە خودای لەقاند, و لە چێژی دێرینەی خۆیشی بەجۆرێک دایبڕی: زانست و فەلسەفە و بەدواشیاندا چەندین کایەی تر کەوتنە جەنگی ژویسانس و چێژبڕکێوە, جەنگی لێکدانەوەی دونیا بەپێی میتۆد و پرەنسیپە تیۆرییەکانی خۆیان. لای ئێمە, چیرۆکەکە جیاوازە: ئەو دینەی لە خەیاڵدان و ژیانی ئێمەدا هەیە لەلایەکەوە دەژی و لە زۆر شوێنیشدا دزی لە دیاردە و دەسکەوتەکانی سەردەم دەکات کە لە مۆدێرنەی خۆرئاواوە هاتوون تاکو ١) کەلێنی نێوان خۆی و زانست و گۆڕانکارییەکانی دەرنەکەوێت ٢) مەستبوون بەو رەهەندە غەیبی و نامێژوویەی کە هەیەتی و هەموو جووڵەیەکی مرۆڤایەتی دەکاتە پاشکۆی ئەم رەهەندە دووردەستە. گەر دیکارت ویستبێتی بڵێت «خودا فریوماننادات, چونکە نوقسان نیە», ئەوا مانا زیمنییەکە ئەوەیە «مرۆڤ هەیە و سنوری هەیە و زانستیش ئیمکانێکی کراوەی بەردەم مرۆڤە». «من بیردەکەمەوە, کەواتە هەم», وێڕای ئەوەی سەلمێنی وجودیی ئێمەیە, هاوکات خەساندنێکی نیان و ناڕاستەوخۆی خوداشە لەناو مۆدێرنەدا. جۆرێک لە بێبەشکردنی خودا لە چێژە لەمێژینەکەی خۆی. هێنانی پێگەی ئەوە, بۆ بنپێی مرۆی زانستگەرای مۆدێرن. ئەم خەساندنە خۆی نەک هەر بۆ خودا, بەڵکو بۆ دیاردەی دینیش خەسڵەتێکە پەیوەندیی بە ئیرەیی و هەژموونەوە هەیە. واتە سەندنەوەی شتێک لە کەسێک کە هەم دەخەسێت و ئیرەییشی تیا دەورووژێت و گۆڕان بەسەر هەژموونیشیدا دێت. بەڵام لە کۆمەڵگاگەلی وەک ئێمەدا, یارییەکە چەشنێکی ترە و چاوشارکێی تایبەت لەگەڵ رووبەکی دیاری مۆدێرنەدا دەکەین کە زانستە. بەڵام وێڕای ئەمەش, خودا و دین کە هێشتاش پاکێجێکن, ناتوانن هەستیار نەبن بەرامبەر هەندێ باڵادەستیی زانست.

# ئیرەیی

پێویستدەکات چەمکی ئیرەیی(envy), بەشێوەیەکی سەرەتایی بناسێنین و پاشان لینک و پەیوەندییەکەی ڕوونکەینەوە. ئیرەیی بەر لەوەی وەک چەمکێکی دەروونشیکارییش وەرگیرێت, لە فیکری مرۆڤدا هەبووە و لە دین خۆیشیدا ورووژێنراوە چونکە یەکێکە لە خەسڵەتە مرۆییەکان. بەڵام لە دەروونشیکارییدا ئیرەیی ڕوویەکی نەستەکی و ناخودئاگایانە وەردەگرێت. واتە ئیرەیی شتێک نیە من وەک سوبێکت ئاگایانە و هەمووکات دەستخەمە سەری, بەو جۆرەی لە دیندا هەیە, بەڵکو جۆرە گرژی و نایەکانگیرییەکە لە مندا کە لەڕێی کۆمەڵێک نیشانە و ناهاوسەنگییەوە خۆی دەنوێنێت. ئیدی لە باری فیزیکییەوە بیگرە بۆ زمانی و دەلالەت.

ئیرەیی ڕوویەکی وێرانکەری هەیە, بۆیە دیاردەیەکە بەستراوەتەوە بە غەریزەی مەرگەوە نەک ژیان, واتە بە تاناتۆسەوە نەک ئیرۆس: «هۆیەکەشی ئەوەیە ئیرەیی هەڵدەکوتێتە سەر شتی باش و سەرەنجامیش ژیان خۆی٢». واتە هەڵدەکوتێتە سەر شتی پۆزەتیڤ و پڕ, لەکاتێکدا غەریزەی مەرگ خۆی هەڵوەشاندنەوەی شتی پۆزەتیڤ و پڕە, «ئامانجی تایبەت و تاقانەی ئیرەیی ئەوەیە کە خاڵییە لە هەر ئامانجێکی پۆزەتیڤ٣». گەر دیارە دەروونییەکانی تر ئامانجێکی پڕاوپڕیان هەبێت و دەستبخرێتە سەری و ئۆبێکتی ئارەزووەکەیان ڕوون بێت ئەوا ئیرەیی خۆی هەڵوەشاندنەوەی ئامانجێکە. واتە ئەویتر شتێکی هەیە من نیمە, با ئەویش نەیبێت. چەمکی پۆزەتیڤ لێرەدا بە واتای هەبوون و پڕییە, ئەوەی کە ئەو وەک خەسڵەتێک هەیەتی دەبێت بەڕێی غەریزەی مەرگەوە و بە نێوانگریی من هەڵوەشێتەوە. «ئیرەیی, ناگاتە هیچ دەسکەوتێک...تاکە دەسکەوتێکی ئاشکرا بتوانرێت بۆ ئیرەیی گریمانەبکرێت, پێدەچێت چێژی سادیستی بێت٤». واتە دەسکەوتی

٢ . رشک, کیت باروز, ترجمه مریم خدادادی, انتشارات نگاه, ١٣٩٩, ص٣٤.

٣ . هەمان, ص١٦

٤ هەمان, ص١٧

هەیە بەڵام دەسکەوتە نەفیکردن و سڕینەوەیە نەک کەڵەکەکردن و پێگەیشتنێکی ئارام. سیفەتی سادیزم، لەتوپەتکردنە نەک مامەڵەی هێور. لێرەوە ئیرەیی دیاردەیەکی نەفیکارە نەک بەڵێگۆ و جەختکەرەوە. سلاڤۆی ژیژەک ئەمانە لە دەستەواژەیەکی تەواو تیۆرییدا یەکدەخات و ئیرەیی ناودەنێت «وەهمی ترانسێندێنتاڵی ئارەزوو٥»، واتە ئیرەیی بە شتێک ناگات کە ئەزموونی و پۆزەتیڤ بێت و ئۆقرەبگرێت، بەڵکو وەهمێکی بڵندنشینە و پەل بۆ ڕەهەندێکی بڵندی خۆی ئارەزوو دەکوتێت هەروا ئاسان بوونی نیە.

فرۆید یەکێک لە گرێ دیارەکانی سەر بە ئیرەیی لە ژیانی مرۆڤدا دەباتەوە سەر ئیرەییبردن بە زەکەر لای مێینە(Penis envy) کە نەبوونی زەکەر ئیرەیی لای ئەوان درووستدەکات. ئەم خاڵە زۆر تیۆرییە، لە عەقڵی باودا جێی بڕوا نیە، بەڵام تێزە بنەڕەتییەکانی دەروونشیکارییش هەر لەم جێگایانەدا دەخوڵقێت. ئیرەیی لێرەدا پەیوەستە بە گرێی بێبەشبوونەوە کە سەرچاوەی ئیرەییەکانی دواترە. نێر و مێ هەریەکە بەجۆرێک بێبەشە، بەڵام ڕیشە سەرەتاییەکانی لێرەوەیە: «چەمکی بێبەشبوون، هەوڵێکی لاکانە بۆ تیۆریزەکردنێکی وردتری تێگەکەی فرۆید دەربارەی خەسانی مێینە و ئیرەیی زەکەر. بەگوێرەی فرۆید، ئەوکاتەی مناڵ دەزانێت هەندێک کەس (ژنان) زەکەریان نییە، ساتێکی تراومایە، جێکەوتی جیاوازی دەبێت لەسەر منداڵی کوڕ و منداڵی کچ٦». گەر ئەم گرێیە تا دواسنوری لۆژیکی خۆی ڕاکێشین ئەوا پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە مرۆڤەکان، نێر و مێ، یان دوو ڕەگەزەکە بەنیسبەت خۆیشیانەوە «ناتوانن بەرگەی جیاوازییەکان بگرن٧». واتە ئیرەیی، لە قووڵاییدا بریتییە لە تەحەمولنەکردنی جیاوازی، جیاوازی لەنێوان من و ئەویتردا و هەوڵدان بۆ نەفیکردنی ئەویتر و ئەوەشی هەیەتی.

ئەوەی بۆ باسەکەمان گرنگە، پراکتیزە و پیادەکردنی ئەم چەمکەیە بەسەریدا. واتە چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر ئەوەی کە ئیرەیی لە چەمکێ:ی دەروونییەوە دەپەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی هێز. هەرلایەک هێزێکی هەبێت، ئەوەیتریان ڕاستەوخۆ بێت یان نەستەکی و ناڕاستەوخۆ، ئیرەیی تیا دەبزوێت و کاردانەوە دەنوێنێت.

---

٥ On Belief (Slavoj Zizek) Paperback – May ٢١, ٢٠٠١, routledge

٦ . فەرهەنگی شرۆڤەیی لاکان, دیلێن ئیڤانز, وەرگێڕانی نێگەتیڤ, چەمکی بێبەشبوون, ٢٠٢١, ل٣٣٢

٧ . رشک, ص٦٩

# ئیرەیی دین بۆ زانست لەمڕۆدا:

پێشگریمانەکەمان ئەوەیە کە دین(ـی ئیسلام) هەمیشە بەرهەڵستیی ڕاستەوخۆی زانست ناکات, بەڵکو لەو جێیانەی وا پێویستدەکات, پشکەهەژمونی خۆی لە گوتاری زانستی دەدزێت و وا خۆی دەردەخات هی خۆیەتی. ئەم چێژدزییە, دوور نیە لە ئیرەیی نەستەکییانەی دین بە زانستەوە کە باسوخواسی لەگۆڕێدایە. دزییەکەش پتر پەیوەندیی بە ڕووی دەرەوەی زانستەوە هەیە, بە ڕووە عامی و گشتییەکەیەوە نەک دیوە ناوەکییە پسپۆڕییەکانی. چونکە کێشەکە بۆ نیگای مرۆڤە لەنێوان دوو دیاردەدا گەرچی یەکیان زیاتر بە لای سوبێکتیڤبووندا دەڕوات و ئەمیتریشیان بە لای ئۆبێکتیڤبووندا, کەچی لە پانتاییە کۆمەڵایەتییەکەدا لە بندەستی دەستێوەردانی مرۆڤدا دەجووڵێن و ژیانی مرۆڤ دەخەنە ژێر کاریگەری و ململانێوە.

زۆرجار زمان و زاراوەسازی و ستایلی ژیان لە زانستەوە وەردەگرێت و لە پێچێکی تەڕدەستانەدا دەیکاتە هی خۆی و زەمینەکەش لەنێوان باوەڕدارانـدا بەجۆرێک لەبارە کە هەستبکەن تەڕدەستی نیە بەڵکو ڕاستییەکی خۆڕسکی دین خۆیەتی. نموونەمان هەیە کە تیایدا ڕێکەوتێک دەریدەخات دونیای مادی و غەیب لەسەر یەک دەژین و فریوی زەینی دروستدەکەن. بۆنموونە: لە سەرەتای دروستبوونی دینێکدا دەوترێت هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە نیشانەیەکی قیامەتە. وای دانێ زانستیش دەڵێت چەند هەزارساڵ یان وای دانێ چەندسەد هەزار ساڵێک دەکرێت ئاراستەی خۆر پێچەوانەبێتەوە. دین لەسەرەتاوە نیشانەیەکی مادیی چواردەوری خۆی پێچەوانەکردووەتەوە تا دەریخات شتێکی مەحاڵ دەڵێت. کاتێکیش زانست ڕێسا و ئەگەرەکان لێکدەداتەوە, دەتوانێت شتێکی لەم جۆرە بڵێت کە بەرەنجامی شیکردنەوەی پێکهاتەی فیزیایی و کیمیایی تەنێک بێت و هتد. واتە گەر یەکەمیان گریمانەیەکی نیمچەئوستورەیی دەرخستبێت ئەوا لە دووەمیاندا یاساکانی مەحاڵێک و لادانێکی خستووەتەڕوو. فریوەکە لەوێدایە کە دینەکە, لاسایی زانست دەکاتەوە بەبێ ئەوەی خۆی یەکسانبکات بە زانست. بۆیە ئیمان(یان غیابی زانست) وەک توخمێک دێنێتەئاراوە و دەڵێت: ئەوەی زانست دەیڵێت, دینیش دەیزانێت بەڵام کاتی ڕوودانەکەی بەدەست "خودا"یە. لێرەدا

دیـن دەسـت بـۆ ژویسـانسی زانسـت دەبـات, بـۆ ئـەو چێـژە ڕاگـرە دەبات کـە زانسـتی کردووەتە بەشـێک لـە ژیـانی سـەردەمەکە, بـەڵام دەشـیەوێت کرۆکەکـەی خـۆی نەدۆڕێنێـت کـە «غەیـب» یـان نەسـەلماندنە بـە واتـا زانسـتییەکەی. لێـرەدا مەبەسـتمان ئـەوە نیـە هـەروا بەشـێوەیەکی سـادە و میکانیکـی, دووانـەی دین-زانسـت قوتکەینـەوە یـان دیـن بـە خورافـەی ڕەهـا و زانسـت بـە عەقڵانیـەتی ڕەهـا پیشـاندەین, وەکچـۆن بـەو دیـوەی تریشـدا مەبەسـتمان ئـەوە نیـە حەقیقـەت بدەینـە دەسـت دیـن و کەشـفێکی درەنگوەختیـش بدەینـە دەسـت زانسـت, بەڵکـو باسـەکەمان لەودیـوی لایەنگرییەوەیـە و شـیتەڵکردنی فریوێکـی زەینییـە کـە لەنێـوان کایـە و سـەردەمەکاندا کاردەکات: دیـن لێـرەدا بەشـێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ و پاشـەوپاش دەیەوێـت یاسـا زانسـتییەکان بـە بـاڵای دیـن بدوورێـت و داکۆکـی لـەو زیادە(excess)یـەش بـکات کـە دیـن دەکات بـە دیـن. واتـە دیـن ناچێـت دۆکترینێکـی خـۆی بێنێـت ڕووبـەڕووی زانسـتی بکاتـەوە بەڵکـو بەشـێوەیەکی ناهـاوکات و ڕوولـەدوا ڕێسـایەکی زانسـت بەسـەر دینـدا پیـادەدەکات بەبـێ ئـەوەی ئـەو پاشـماوە غەیبـی و ئۆنتۆلۆژییـەی لەناوبچێـت. لێـرەوە ناکۆکییەکـی بنـەڕەتی دێتەئاراوە کـە تمـوح و ژویسـانسی ئایدۆلۆژیـاکان لـە جێیەکـدا لێکدەپچڕێـن و یەکسـان نیـن بەیەکتر(ئەمـە پەیامی پشـت کتێبێکـی وەک ئۆبێکتـی بـاڵای ئایدۆلۆژیاشـە). نـەک هـەر لەنێـوان ئایدۆلۆژیـاکان, بەڵکـو لەنێـوان دوو کـەس و دوو قـەوارەی جۆراوجۆریشـدا ئـەم بنبەسـتە هەیـە. لێرەشـەوە هاوکێشـەیەکی لـەم جـۆرە دروسـتدەبێت: دیالـۆگ بـوونی نیـە, لێکتێگەیشـتن بـوونی نیە...یـان بـە کەمێـک جیاوازییـەوە: پەیوەندیگرتـن بریتییـە لـە بەدحاڵیبوونێکـی سـەرکەوتووانە(ژاک لاکان). پێوەندیگرتـن هەمیشـە لەسـەر نەسـازانێکی سازشـکراوی بنـەڕەتی بەنـدە. گـەر لـە باسـەکە دوورنەکەوینـەوە, تێدەگەیـن بەشـێوەیەکی هەرەناسـک و سـەیر, دیـن ڕوویەکـی مێژوییـشی هەیـە: دیـن دەیەوێـت بەشـێک لـەو ژویسانسـەی کایـەکانی سـەردەم بۆخـۆی بپچڕێـت چونکـە بەشـێکە لـە هەژمـوون و گوتـاری باڵادەسـتیش. ئاشـکرایە هەتـا گەڕانـەوەی سـەلەفییەکیش بـۆ پێشـینە دینییەکـەی خـۆی, گەڕانەوەیەکـی مۆدێرنانەیـە٨ چونکـە لەنـاو شـوێنکاتی مۆدێرنـدا گوتـاری پێشـنە/پاشـینە دروسـتدەبێت و گەڕانەوەکەشـیان بـۆ دابـڕانی تەواوەتی نیـە لـە ئێسـتا و سـەردەمەکە بەڵکـو بـردنی سـەردەمەکەیە بـۆ سـەرەتایەک کـە بەدەسـتیبێنێتەوە و هـاوکات ئـەو پاشـماوە غەیبییـەش بپارێزێـت کـە لـە شـێوازی دینداریـی سـەردەمەکەدا فیتاوفیـت دەسـتناکەوێت. ڕیا کە پـتر ناوێکـی ئەخلاقییـە, و لـە فیکـردا بـە کەمێـک ئاڵۆزییـەوە پێیدەوترێـت پارادۆکس, لێـرەدا لـە پەتیتریـن شـێوەی خۆیـدا دەردەکەوێـت: خەڵکـە کەمتـازۆر ئـاگادارە دینییەکـە دەڵێـن واز لـە دونیـای ئەمـڕۆ بێنـن و سـەرنج بخەنـە سـەر ئـەو ڕووداوە گەورانـەی دیـن بـەر لـە زانسـت جـاڕی هاتـنی داون. بـەڵام دەرگیربوونەکـەی پیـاوانی دینـی بـەم باسانەوە, ڕێـک لەبـەر ڕووداوە دونیاییـەکانی ئەمڕۆیـە کـە چـۆن زەینـی خەڵـک بەلایەکـدا ببرێـت دینـی لـێ جێنەمێنێت. بـە دەربڕینێکی تـر, لەبـەر دونیـا خـۆی, بـاسی بیربردنـەوەی دونیـا دەکـەن. دیـن, ئـەو پاشـماوە غەیببـە بـە جەوهـەر و

٨ . چەپ و مۆدێرنە, کتێبی چوارەمی نێگەتیڤ, لە چاپکراوەکانی ناوەندی ڕەهەند, ٢٠١٩, ل٤٣٣

کرۆکی خۆی دەزانێت و باقیی گۆڕانەکانی تر بە خەسڵەت و عەرەز(عرض)ی خۆی دادەنێت کە قابیلی گۆڕانە.

دین(بۆنموونە ئیسلام)، دەتوانێت ڕووە مێژووییەکەی خۆی دەربخات بەڵام لەپێناوی قەڵەوکردن و خەسڵەتپێدانی ئەو ڕەهەندە غەیبییەی وا لای سەرەوەڕا دایناوە. دزیکردن لە کەلەپوری زانست و ژویسانسی زانست، یەکێکە لەم ڕووکارانە. دزیکردنی کەلەپور، مەبەست لەوە نیە دین دەیەوێت ڕاستگۆیانە خۆی زانستی بکاتەوە، بەڵکو دزینی بەشێک لەو پێگەیەیە وا زانست بۆخۆی دەستەبەریکردووە. پارادۆکسەکە لێرەدایە گەر هەموو عەقڵی زانستی بخەیتە بەردەم دین نایەوێت، بەڵام دزی لەو کونج و کەلەبەرانەی ناو زانست دەکات وا ئاسان تێکەڵ بە مەنزوومەی دینی دەبن. واتە هێنانی بەش(جزء)ە بۆ ناو گشت(کل)ێک، نەک هێنانی گشت بۆ ناو بەش. گەر زانست گشت-ێک بێت، لێکردنەوەی بەشێکێتی بۆ سەربارکردنی بە گشتێکی تر بەناوی دین. دزییەکە، بۆ باوەڕداری ئاسایی شتێکی نەستەکی و ناڕاستەوخۆیە و میقاتبوون(نەک کردن)ی ژیانێتی لەگەڵ نەرمەگۆڕانەکاندا، بەڵام بۆ خەڵکی دەمڕاست و قسەکەر، وێڕای دیوە نەستەکییە گشتییەکەی کەچی شتێکی ئاگایانە و بەئەنقەستیشە. ئەم قسەکەرانە، وەک پێگەی ڕەمزی و بەدوای یەکدا، شتێک لەو کەلێنەش دادەپۆشن کە لەنێوان دین و زانستدا هەیە. ئەو کونە کوێردەکەنەوە وا بەهۆی هەژمووونی زانستەوە، دەمەدەکاتەوە. ئەم قسەکەرانە، کە زۆرجار تێکەوڵێکەیەکی سەرنجڕاکێشی ناو عەقڵی باو(کۆمۆن سێنس)ن، ڕێژەیەک لەو ترازانە کەمدەکەنەوە کە لە فەنتازیای کەسی دینداردا درووستبووە و تووشی سەرگەردانیی کردووە. دزی لێرەدا، لە هەردوو ڕەهەندی ئاگایانە و نائاگایانەدا لەنێوان باوەڕداری ئاسایی و قسەکەرەکاندا یەکتر دەبڕێت. یەکتربڕینێک کە لێکدانی واقیع و فەنتازیایە، شتێکی هاوشێوەی ئەو کاتەی کە ئێمە سەیری فیلمێکی سینەمایی دەکەین: من سەیری فیلم دەکەم، بەڵام سەیرکردنەکە زامێکی ئۆنتۆلۆژی لە مندا کوێردەکاتەوە. واتە من واقیع، لەڕێگەوە فیلمەوە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕێکدەخەمەوە. من ئەو لەجێچوون و ترازانانەی تێم کەوتوون، بەهۆی فیلمێکەوە باشتر ڕێکدەخەمەوە. من سەیری درۆیەک ناکەم، بەڵکو واقیع لەوپەڕی درۆیینەبوونی خۆیدا بەهەند وەردەگرم. پێگەی قسەکەرە دینییەکانیش(کە مەرج نیە هەڵگری ئیمانێکی ناوەکی بن)، لە نواندنی ئەم ڕۆڵە بەدەر نیە. ئەوان بەدزییەوە شتانێک بە ئێمەی باوەڕدار دەبەخشنەوە، کە لە جێی خۆی لەقیوە: بەخشینەکەی وان، جۆرێک لە دزیی نەستەکییە لەنێوان هەردوولادا. لە ئاستێکی سادەتریشدا، دزی لە ناونانەکانی سەردەم، دەخرێتەوە خزمەتی دین: بۆنموونە، «ڕێکردنی محەمەدییانە» و هتد کە بردنی ستایلێکە، وەرگرتنی ناونانێکە لە مۆدەی ڕۆژگارەکەوە. یان: «خوێندنەوەی قورئان وزە لە چواردەوردا دەگۆڕێت» و هتد، کە ئاشکرایە کەشوهەوای ڕستەکە لە کوێوە وەرگیراوە و بە چ زمان و زاراوەیەکیش خزمەتی ڕەهەندە غەیبی و قودسییەکە کراوە. خوێنەر دەتوانێت بۆ زۆر نموونەی تر بگەڕێت کە لەمانەش

سەرەکییتر بن. جا لەپشت ئەم بەراوردە هێمنەوە، پەرچەکردارێکی توند نوستووە:

ئەم پەرچەکردارە هیسترياییەی دین بۆ ئەوەی «کەلامی غەیب» هەڵنەوەشێتەوە، ڕووی لەو کەشفە زانستییانەیە کە ئەم کەلامە دەخەنە مەترسییەوە. دین دەیەوێت هەرچی هەیە با هەبێت، چی ڕوودەدات با ڕووبدات، بەڵام بنکی کەلامی غەیبی هەڵنەوەشێتەوە. چونکە دەکرێت هەر هەموو گۆڕان و کەشفەکان بخرێتەوە خزمەتی ئەو کەلامەوە و بدرێتەپاڵ قودرەتی خواوەند. لێرەدا دیسان ئەوە بیردەخەینەوە کە بەرامبەرکێکە، خورافە و عەقڵ نیە(گەرچی لە جێیەکدا ئەوەشە) بەڵکو باس لە دوو داهێنراوی دەستی مرۆڤ خۆی دەکەین کە دین و زانستە و هەریەکەشیان زەینێکی تایبەت بە خۆی درووستدەکات تا پەیوەندیی مرۆڤ و دونیاکەی ڕاگرێت. کاتێک هەردووکی بە دوو دیاردەی دەستی مرۆڤ خۆی دادەنێین، ئیتربەجۆرێک لە جۆرەکان لەم تۆمەت و بەرامبەرکێ و پێشداوەرییە ڕزگاردەبین. هەر ئەمەش دیدێکی ماتریالیستییە بۆ هەردوو بەرەکە. ژیانی دەروونی و مانایی و بەهایی مرۆڤەکان بەجۆرێکە هەموو پێکرا ناتوانن لە سەردەمی دینەوە بۆ زانست بپەڕنەوە، چونکە دین بەجیا لەوەی چەندە عەقڵانییە یان نا، پەیوەندیی ئەوان و دونیا ڕێکدەخات. ئەم ڕێکخستنەش پرۆسەیەکی یەکجارەکی نیە لە جێیەکدا کۆتایی بێت، بەڵکو بەردەوام لەناووەوە کشان و پلاستیکیبوونێکی تیایە بۆ ئەوەی بەربەرەکانێی دژەکانی خۆی بکات لەناو مێژووی شارستانیەتدا. هەر دیاردە و کایەیەکی نوێ کە دێت، لە هەرکوێدا زیانی بە دین گەیاند و هەڕەشەی کردە سەر یەکانگیری (consistency)یەکەی، ئیدی لەناوەوە میکانیزمە نەستەکی و شاراوەکانی دەکەوێتەگەڕ و دەستدەکاتەوە بە سەرلەنوێ-ڕێکخستنەوە. گەر دیوێکی دینیش لەدەستچێت، نۆرمێک کۆن ببێت، ئەوا کرۆکەکە لەناو مەنزوومەیەکی تردا خۆی ڕێکدەخاتەوە و پەیوەندیی بنیام و جیهان دەپارێزێت. ئەمە ئەو شتەیە کە پەیوەندیی بە ئەرگۆمێنتەوە نامینێت(بۆنموونە لە چاپە مۆدێرنەکەیدا)، چونکە ئەرگۆمێنتەکە خۆی ئەوەیە ئەرگۆمێنت لەویادا دەوەستێت چونکە هەریەکە لە چەمکەکانی وەک فەنتازیا و ئارەزوو و هتد دەکەونەگەڕ کە خۆیان ئەرگۆمێنتی دەروونیی تایبەت بە خۆیانیان هەیە و قووڵ بە بەرژەوەندیی مرۆڤدا ڕۆچوون. یان بە واتایەکی تر، ئەرگۆمێنت لەبەرامبەر ژویسانسدا شکستدێنێت و ئەو شتە دەکەوێتەوە کە ژیژەک بە کەمێک دەسکاریی چەمکەکەوە ناویدەنێت ژوی-سێنس(واتە چێژەمانا، یان ئەو ساتەی مانا بەشێوە بابەتی و عەقڵانی و ئەرگۆمێنتسازەکەی لەکاردەکەوێت و تاکە ئەرگۆمێنت ئەو ئەرگۆمێنتەیە کە ڕوانگە ئایدۆلۆژییەکە پەسنیدەکات و ناهێڵێت سوبێکتیڤیتەی ئەو ئایدۆلۆژیایە لەبەریەکهەڵوەشێتەوە. واتە، مانا ئەو مانایەیە لە سودی من بێت). لێرەوە دین دەبێتە دیاردەیەک کە پێشوەخت دنیایی و مێژوویی و ماتریالیستییە، ئەو توخمە غەیبییەشی کە دەیەوێت لەناونەچێت، هەمیسان بۆ ڕاگرتنی پەیوەندیی مسوڵمانە بەم ژیانەوە. ئەمە بۆ پرسی «بەهەشت»یش درووستە کە گوزارشتە لە شوێنێکی دوورەدەست، بەڵام بەهەشت خۆیشی جۆرێکە لە فەنتازیای بنەڕەتی بۆ ڕاگرتنی ئەم دونیا مادییەی کە هەیە.

ئـەم «توخمـە غەیبی»یـە, پێگەیەکـی هاوتـا و هاوشـێوەی ئـەم دەربڕینـەی تـری هەیـە: «بـەس ئـەوە...»: گۆڕانـەکانی سـەردەم بـا هەبن «بـەس ئـەوە...» تیانەچێت. زانسـت توانـای سـەمەرە لـە خـۆی پیشـاندەدات, «بـەس ئـەوە...» دوا یەقینـی منـە. مـرۆڤ ئـەم هەمـووە کونجکۆڵییـەی هەیـە, بـەس ئـەوە...» خـودا خۆیـەتی لـە هەمـوان دەقیقـترە. دەربڕینـی «بـەس ئـەوە...», دەربڕینێکـە بـۆ دەرنەبـڕانی توخمێکـی پێشـین و لەکاتبـەدەر: فۆرمێکـە خـۆی خزیلـک و نەگیـر و نەمـرە, بـەڵام ناوەڕۆکەکـەی لـە تەماسـدایە بـە «عەبـد»ەوە و عەبـدەکان هەمـوو شـت بکـەن, «بـەس ئـەوە...» لەدەسـتنەدەن. ناشـبێت ئیرەیـی لاوەکیـی زانسـتیش بـە دیـن, پشـتگوێبخەین, بـەڵام سرووشـتێکی جیـاوازی هەیـە: دیـن هەمـوو جیهـان بـە هـی خـۆی دەزانێـت, شـتێکە پێشـوەخت هـی ئـەوە, تاقیکردنـەوە و بەرئەزموونخسـتنی یارییەکـی مرۆییـە و هیچـی تـر. بـە دەربڕینێکـی تـر, زانسـتیش لـە ڕووی دەرەوەڕا خـاوەنی «بـەس ئەوە...»ـی خۆیـەتی. شـتان دەبێـت تاقیکرێنـەوە, واتـە یاسـا ناوەکییـەکانی بەجـۆری دەقیـق و سـەلمێنەی ئەزمـوونی و گریمانـەی ورد دەجولێـن, بـەڵام لـەدەرەوەڕا سرووشـتی دیاردەیەکـی هێرمۆنتیکـی و کۆمەڵایـەتی و بگـرە ڕەمزیـی هەیـە و قابیـلی پێناسـە و خەملاندنـە: ئـەوەی دیـن هەیـەتی, دەبێـت دزەی تێکـەم و شـیتەڵیکەم(هەتا گـەر بێتـو درۆش بێـت). بـەڵام لەڕاسـتییدا, ئـەوەی دیـن وەک ڕەهەندێکـی غەیبـی و بنـەڕەتی هەیـەتی, توخمێکـی پۆزەتیـڤ و جێگرتـوو نیـە بچیـن یـەکاڵای بکەینـەوە, بەڵکـو «نادیار»ێکـە هەقـمان بەسـەر ناوەڕۆکـە پۆزەتیڤەکەیـەوە نیە(گـەر گریـمان هەشـیبێت) و تەنیـا وەک فۆرمێکـی ڕاگـر سـود لـە بەرەکەتەکـەی وەردەگیرێـت. بۆیـە گـەر لای دیـن هەمـوو شـت قابیـلی توێکاری بێـت, ئـەوا «بـەس ئـەوە...» بـەدەرە لێـی. گـەر هەمـوو شـت قابیـلی دیـتن بێـت, ئـەوا «بـەس ئـەوە...» جۆرێکـە لـە نابینایـی بونیـادی و دەکەوێتـە چەقـی هەمـوو دیتنێکـی تاقیگەیـی و ئامرازییـەوە. ڕەنگـە بەپێـی «فەلسـەفەی زانسـت», دیاردەیـەک بـە کۆلکەزانسـتی دانرێـت, بـەڵام لـەڕووی نرخـە ڕەمـزی و دینییەکەیـەوە کاریگـەری لەسـەر خەیاڵـدانی کۆمەڵـگا دانێـت. بـەڵام لـە گۆشـەنیگای باوەڕدارێـک خۆیـەوە, ئـەم دیاردانـەی ژێـر ئـەم توخمـە غەیبییـە لـە ئاسـتی فۆرماڵـدا و وەک کارکـردی دەروونی, ڕۆڵـی جۆرێـک لە ماتماتیک دەگێڕێـت کـە وەک فـۆرم شـیاوی تەجروبەکـردن نیـە و هەمـان کات بـۆ بەرێخسـتنی ئەزمـوون پێویسـتە.

## ئەنجام

زانیـمان مـرۆڤ, ئـەو بوونەوەرەیـە خـۆی کایـەی جیاجیا دادەهێنێـت و هـەر لەلایـەن ئـەو کایانەشـەوە کارەکتـەری وی دادەهێنرێتـەوە. مرۆڤـی ئەمـڕۆی ئێمـە, نـە بەتـەواوی لـە دەرەوەی دینەوەیـە و نـە بەتەواویـش لـە دەرەوەی زانسـتەوەیە. مەبەسـت لـە دیـن ژینگەیەکـە کـە یاسـاکانی خـۆی تێکـەڵ بـە کەلتـور دەکات و زانسـتیش مەبەسـت لـەو باسـوخواس و بەرهەمانەیـە وردەوردە دیـد و سـالیلی ژیانمـان بـەرەو لای خـۆی دەگوشـێت. هەردووکیـشی مـادام بـە فلتـەری پانتایـی مرۆیـی و کۆمەڵایەتییـدا دەڕوات, ئـەوا دەسـت بـۆ گەنجینـەی ژویسـانسی مـرۆڤ دەبـەن و کەمتـازۆر ناچاریدەکـەن شـێوازی چێژوەرگرتـن و ماناوەرگرتـن و بەهاوەرگرتنـی بـە واقیعـەوە ڕێکخەنـەوە. ئیـشی فیکـر, بنکۆڵکـردنی ئـەو هەڵوێسـت و وێسـتگە جۆراوجۆرانەیـە کـە لـە چـواردەوری ژینگـە مرۆییەکەمانـدا دەگوزەرێت(کـە دوورتریـن خاڵـی فیزیکـی و گەردوونییـش, نزیکتریـن شـوێنەواری خـۆی لـەم پانتاییـە مرۆییـەدا جێدەهێڵێـت و بگـرە پێشـوەخت لێـرە ڕوودەدات).

کایـە مرۆییـەکان, لـە دینـەوە بـۆ زانسـت و ئەوانیتریـش, بەرهەمـی مرۆڤـن؛ ئەوانیـش بابـەتی ڕووت نیـن بەڵکـو ڕیشـەیان دەچێتـەوە سـەر بەرژەوەنـدی و دیـوە هەسـتیارەکانی مـرۆڤ. ئیرەیـی یەکێـک بـوو لەوانـە. ئیرەیـی گەرچـی وەک توانشـتێکی نەخۆشـانە و شەخسـی سـەیردەکرێت بـەڵام لـە دەروونشـیکارییدا فراوانتر دەبێتـەوە و ڕووی دەرە-دەروونی وەردەگرێـت و کۆمەڵایەتییـش دەبێتەوە. ئەم بەکۆمەڵایەتیبوونەوەیـە ڕێ بـۆ چەمکـی هەژمـوون خۆشـدەکات, کایـەکان ململانێـی هەژمـوون دەکـەن. دیـن کـە لـە واقیعـی ئێمـەدا زۆر کۆنـترە, خـۆی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هەژمـوونی زانسـت ئامادەکـردوە, بـەڵام بەشـێوەیەکی نەسـتەکی و ناخودئاگایانـە و کاردەرەوە نـەک ڕیفۆرمیسـتی و نۆژەنخوازانـە. ئەمـەش گـەر لـە خەڵکـە پێرەوکـەرە ئاساییەکەدا نەسـتەکی بێـت, لای قسـەکەرە دینییەکـە وردەوردە خودئاگایانـە دەبێتـەوە و بەئەنقەسـت ئـەم شـەڕە دەکـەن. بۆیـە کـۆی شـەڕەکەش بـە فۆرمـی تـر بـەردەوام دەبێـت و لـە ئاسـت زمانیشـدا, کـە ڕوویەکـی گرنگـی کێشـەی ڕاڤـە و هێرمیونۆتیکـە, خـۆی دەنوێنێتـەوە.

## سەرچاوەکان:

کوردی

چەند وردبوونەوەیەک لەبارەی میتافیزیکەوە, ڕێنێ دیکارت, و. حەمید عەزیز, ٢٠٠٥

فەرهەنگی شرۆڤەیی لاکان, دیلێن ئیڤانز, وەرگێڕانی نێگەتیڤ, چەمکی بێبەشبوون, ٢٠٢١

چەپ و مۆدێرنە, کتێبی چوارەمی نێگەتیڤ, لە چاپکراوەکانی ناوەندی ڕەهەند, ٢٠١٩, ل٤٣٣

فارسی:

رشک, کیت باروز, ترجمه مریم خدادادی, انتشارات نگاه, ١٣٩٩, ص٣٤.

ئینگلیزی:

routledge ,٢٠٠١ ,٢١ On Belief (Slavoj Zizek) Paperback – May